# كورد و دیمستۆرا

عەزیز ڕەئووف

ئەوەی لە پێشنیازەکانی دیمستۆرادا بەدی دەکەین، ئەو سەرەتایەیە کە کورد دەبێت ئیعترافی پێ بکات، ئەویش کەمینەی کوردە لە چوارچێوەی عیراقدا. پێشنیازەکانی دیمستۆرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ناوچە دابڕاوەکان، هەمان ئەو هەوڵەیە کە زلهێزەکان بەرامبەر بە کەمینەی کورد بە درێژایی مێژوو ئەنجامیانداوە. لە پەیماننامەی لۆزانەوە، بۆ ڕێکەوتننامەی جەزائیر، لە ڕاپۆرتەکەی بیکەر هاملتۆنەوە، بۆ پێشنیارەکانی دیمستۆرا، هەمان هەوڵ، هەمان وێنە بەلام لە سەردەم و لە چرکەساتی جیاوازدا.

بەلام مایەی تێڕامانە گەر بە درێژایی مێژوو، هەر هەوڵێك دژ بە بەرژەوەندی کورد لە عیراقدا لە ئارادابوو بێت و دەستی زلهێزەکانی تێدابووبێ، ئەوا لەم چرکەساتەدا ئاسایی نیە هەمان سیناریۆ دووبارە بێتەوە، چونکە ئێستا لە عیراقدا پۆستی بالا بەدەست کوردەکانەوەیە و ئەوان دەستیان هەیە لە چارەسەرکردنی زۆرێك لە گرفتەکانی عیراق.

پێشنیازەکانی دیمستۆرا چەند تێبینیەکی گرنگمان لا دروست دەکات:

یەکەم: مادەی 140 بەر لە هەر شت مادەیەکە لە هەناوی دەستوری عیراقەوە هاتۆتە دەرێ و کێشەیەکی عیراقیە. گەر عیراقیەکان بە کورد و عەرەب و کەمایەتیەکانی ترەوە چانسی ئەوەیان هەبوایە مادەی 140 جێبەجێ بکەن، ئەوا هیچ پێویستمان بەوە نەدەبوو، جەنابی دیمستۆرا پێشنیازمان بۆ بکات و ئەو مادە دەستوریە جێبەجێ بکات. گەر لە ماوەی چەند ساڵێك و دواتر شەش مانگی تر کورد بیتوانیایە ئەم کێشەیە بەلایەکدا بخات، ئەوا دیمستۆرا خۆی ماندو نەدەکرد بە نوسینی پێشنیاز بۆ جێبەجێکردنی مادەی سەد و چل کە سەد لە سەد مادەیەکی دەستوری عیراقیە. بۆیە سەرکردایەتی سیاسی کورد بەر لە هەر شت دەبێت ئیعتراف بەو ڕاستیە بکات کە بەرامبەر بە جێبەجێکردنی ئەم مادەیە کەمتەرخەم بووە و گەر دیمستۆراش خەبەریان نەکاتەوە، ڕەنگە چەندین ساڵی تر ئەو مادەیە درێژ بکرێتەوە.

دووەم: هەموو ئەو دروشمە بریقەدارانەی کە سەرکردایەتی سیاسی کورد بانگێشتی بۆ دەکەن، کە ئەمریکا و زلهێزەکانی جیهان لە پشتمانن، جگە لە سەراب زیاتر چیدی نیە. تا ئەم چرکەساتەش پەیوەندی دبلۆماسی نێوان کورد و ئەمریکا، کورد و ئەوروپا بە گشتی، پەیوەندیەك نیە لە سەر بنەمای پرۆتۆکۆڵ و بەڵێنی سەر کاغەز. ئەوە سەرکردایەتی کوردە بانگێشتی ئەوە دەکات کە کورد هاوپەیمانی ئەمریکایە، ئەگینا لە دوای پرۆسەی ئازادی عیراقەوە، یەك هەنگاویکی ئەمریکیەکان لە ئارادا نیە بەرەو کوردەکان، یاخود بە قسەش بێت ئەمریکا لەنێوان کورد و عەرەبە یاخیەکانی باشور و ناوەڕاستدا جیاوازیەکی کردبێت. نەمانبینی یەك مارێنزی ئەمریکی کە کوردستان پەنجەی لە سەر پەلاپیتکەی تفەنگەکەی لابردبێت، کە خۆیان و بەرپرسانی بالای ئەمریکا بەگشتی باش دەزانن کە لە کوردستاندا خوێن لە لوتی یەك مارێنز نەهاتووە و ناشیات. بەرپرسانی کورد لەماوەی نزیکەی دوو دەیە لە دەسەلات و حوکمڕانی تا ئەم چرکەشە نەیانتوانیوە، بە شێویەکی دبلۆماسی و عاقلانە لە پەیوەندە خۆیان و زلهێزەکان بڕوانن. کورد تا ئەم چرکەساتەش لە هەوڵی یەکخستنەوەی عیراقدایە کەچی تا دێت متمانەی خۆیان لە کوردستان دەدۆڕێنن.

سێیەم: تا ئەم چرکەساتەش بەرپرسێکمان نەبینی لە بەغدا بێتەوە و تێمانبگەیەنێ کە ماددەی 140 بۆ جێبەجێ ناکرێت؟ مەگەر تەنها خوا و بەرپرسان بزانن کە کێ دژ بە جێ بەجێ کردنی مادەکەیە و کێ لەگەڵ ئەوەدایە جێبەجێ بکرێت؟ هیچ لەوە ترسناکتر نیە کێشە گەورەو چارەنوسسازەکان لە جەماوەر بشاردرێتەوە. ئەو دۆخە دابڕانەی کە ئێستا لەنێوان سەرکردایەتی کورد و جەماوەردایە دۆخێکە گەر بەرەو کالبوونەوە نەچێت ئایندەیەکی خراپ چاوەڕێی ئەزموونی کوردی و هەرێمەکەمان دەکات.

کێشە لەوەدا نیە کە دیمستۆرا چ پێشنیازێکی کردووە، کێشە لەوەدایە سەرکردایەتی سیاسی کورد بۆ گەیاندیە ئەو ڕۆژەی کە دیمستۆرا بێت چارەی کێشەکانمان بکات. کێشە لەودا نیە دیمستۆرا چ ڕێگەیەك بە چارەسەر دەزانێت بۆ ئاسایکردنەوەی

ناوچە دابڕاوەکان، بەڵکو کێشە لەودایە کە ئەم ماددەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دوادەکەوێت و نازانین سەرکردایەتی سیاسی کوردی بەتەمای چییە.

لێرەوە گەر سەرکردایەتی سیاسی کورد چانسی ئەوەی نیە بتوانێت لە ماوەیەکی نزیکدا فشارەکانی بخاتە سەر بەغدا، خۆ دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ شەقامی کوردی و خەڵك خۆی فشارەکانی بخاتە سەر نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جێبەجێنەکردنی پێشنیازەکانی دیمستۆرا. بەڵام بڕیار لە ژوورە تاریکەکاندا و شاردنەوەی کێشەکان لە کۆمەڵانی خەڵك دەستی دەبێت لە فەرامۆشکردن و گوێنەدان بە پێشنیازەکانی دیمستۆرا. کۆمەڵانی خەڵك ئیستا لەبەر بیٚ ئاوی و بێکارەبایی و نەبوونی خزمەتگوزاری و بینینی جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان، تەواو کێشە گەورەکانی فەرامۆش کردووە. سەرکردایەتی سیاسی کوردی بۆئەوەی هەم دەسەڵات لە بەغدا نەدۆڕێنێت و هەم شەقامی کوردیش چۆڵ نەکات، پێویستی بە گۆڕینی ئادای کارکردنی هەیە، ئەمەش بە گۆڕینی ئاراستەی کارکردنی لە ژوورە تاریکەکانەوە بۆ شەقامێکی ئاوەدان کە هەمیشە لێوانلێو بێت لە خەڵك بۆ بەرگرکیکردن لە مافە ڕەواکانی.

Azizrauf2003@yahoo.com